سەید محەممەد سەمەدی

## شانازی لە ڕاستگۆیی دایە

کاك محەممەدی شاپەسەندی، کوڕی ڕەوانشاد « وەستا ساڵح شاپەسەندی »، ساڵی ۱۳۰۲ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، لە چواردیواری خێزانێکی زەحمەتکێش و بنەماڵەیەکی ڕەسەن و کۆنی ئەو شارەدا لە دایك بووە. لە ڕووداوە مێژووییەکانی ساڵانی ۱۳۲۰ تا ۱۳۲۵ی مەهاباد دا هەوڵ و تێکۆشانێکی بەرچاو و ڕاستگۆیانەی هەبووە و ئەو ئامانجانەی کە بە دڵ بڕوای پێیان بووە، بە دڵیش هەوڵێکی پاك و پیرۆزی بۆ داون. ساڵی ۱۳۲۱، ئەو کاتەی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی **کۆمەڵەی ژ.ك** دامەزراوە، ناوی محەممەدی شاپەسەندی لەو بزوتنەوەیەدا ناوێکی ناسراو بووە. لە دوای ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ۱۳۲۴ی مەهاباد، ناوبراو ناچار بووە زێدی خۆی جێبێڵێ و چالاکییە فەرهەنگی و سیاسییەکانی لە باشووری کوردستان درێژە پێبدا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممۆ، ۲۷ی ڕێبەندانی ۱۳۸۴ بەرامبەری 16 Feb 2006 لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ڕەوانی شاد بێ.

بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئاماژەی نوکتەیەکی گرینگ بکەم، کە دەرسێکی گەورەی تێدایە:

لە لاپەڕە ۲۵ی کتێبی «تاریخچۀ مهاباد»[1]، ناوی محەممەدی شاپەسەندیم لە ڕیزی بناغەدانەرانی کۆمەڵەی ژ.ك دا نووسیوە. هەروەها لە لاپەڕە ۱۱۱ی کتێبی «نگاهی به تاریخ مهاباد»[2]یشدا هەمان بابەتم بە پشتبەستن بە سەرچاوەی پێشوو دووپات کردووەتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممۆ، ۱۳۷۶/۷/۲۱ (13 Oct 1997) لە ماڵی ڕەوانشاد «سەعید خانی هومایوون» لە شاری مەهاباد شانازیی ئەوەم هەبوو کە بۆ یەکەمجار بە خزمەت جەنابی محەممەدی شاپەسەندی بگەم و لە نزیکەوە بیبینم. کورتەیەك لە باس و لێدوانەکانی ئەو دیدارەم لە لاپەڕە ۲۷۹ی کتێبی « نگاهی به تاریخ مهاباد »دا نەقڵ کردووە.

لەم دواییانەدا چاوم بە حەوتەنامەیەکی سیاسیی کوردی کەوت بە ناوی **ئاڵای ئازادی**، کە لە هەولێر چاپ دەکرێ. لە دوو ژمارە ۲۴و۲۵ی ئەو بڵاڤۆکەدا وتووێژێك لەگەڵ کاك محەممەدی شاپەسەندی ئەنجام دراوە. لە بەشی دوویەمدا، کە بەشی دوایی وتووێژەکەیە، دوایین پرسیار و وەڵام بەم جۆرەیە:

- لە کۆتاییدا حەز دەکەن چی بڵێن؟
- حەز دەکەم هەندێ هەڵە ڕاست بکەمەوە، چونکە مێژوو هەڵە قبووڵ ناکات. لە کتێبی (تاریخچۀ مهاباد)ی (سید محمد صمدی)دا هەڵەیەکی گەورە کراوە، ئەویش ئەوەیە: محەمەد شاەپەسەندی نووسراوە لە نێو دامەزرێنەرانی (ژ.ك)دا. ئەمە ڕاست نییە. وەك باسم کرد دوای شەش مانگ لە دروست بوونی حیزب چوومە ڕیزییەوە... بەڵام (علی ریحانی) لە بیر چووە کە لە ڕیزی دامەزرێنەراندایە...[3]

---

[1] تاریخچۀ مهاباد، گردآورنده: سید محمد صمدی، نشر رهرو، چاپ دوم، مهاباد ۱۳۸۱.

[2] نگاهی به تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، نشر رهرو، مهاباد ۱۳۷۷.

[3] گفتوگۆیەك لەگەڵ «سەربازی نەناسراو» محمدی شاپەسەندی. ئامادە کردنی: محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد. ئاڵای ئازادی، ژمارە (۲۵)، خولی دووەم، ۱۹۹۲/۵/۳۱، ل۷.

من هەر لە هەوەڵەوە محەممەدی شاپەسەندیم بە مرۆڤێکی ڕاستگۆ و خاوەن بڕوا دەناسی، بەڵام ئەم وەڵامە و هەڵە ڕاستکردنەوەیەی، کەسایەتیی ئەوی لە لای من سەد هیند پتر کرد. ئێستا دەزانم کە شاپەسەندی لە ڕیزی گەورە پیاوانی مێژوودایە.


لە ماوەی نووسینی ئەو کتێب و ناميلکە وتارانەدا کە پێوەندییان بە مێژووی مەهابادەوە هەیە، لەگەڵ کەسانی وا ڕووبەڕوو بووم کە بە زۆر و زۆرداری ویستوویانە جێگە و پێگەیەکی گەورە لە ڕووداوە مێژووییەکاندا بۆ خۆیان تەرخان بکەن و شانازییەکی درۆ بۆ خۆ و کەسوکاریان وەدەست بێنن. هەندێك لەوانە خۆیان بە پاڵەوانی ڕووداوەکان دەناساند و هەندێکی تر بەرزترین شوێنیان بۆ خۆیان دەست نیشان دەکرد.

ئەمڕۆ لە بناغەدانەران و دامەزرێنەرانی ژ.ك تەنانەت تاکە کەسێکیش لە ژیاندا نەماوە. ئەگەر محەممەدی شاپەسەندی خۆی پەنجەی بۆ ئەم ڕاستییە درێژ نەکردبایە، کێ هەبوو بڵێ وا نییە؟

لە ڕیزی دامەزرێنەرانی **ژ.ك** دابوون شانازییەکی گەورەیە، بەڵام دڵپاکی و ڕاستی و دروستکاری شانازییەکی گەلێك گەورەترە. بەڵێ، مێژوو نابێ چەواشە بکرێ.

بە خوێندنەوەی ئەو وتووێژە، کەسایەتیی کاك محەممەدی شاپەسەندی لە لای من زۆر بەرەژوورتر لە دامەزراندنی **ژ.ك** هەڵکشا. ئەو گەورەیی خۆی دەرخست و بووبە هۆی ئەوە کە ماف ڕەوانشاد « عەلی ڕیحانی » نەفەوتێ. هەر وەها نیشانی دا کە نەك بە قسە، بەڵکوو بە کردەوە بڕوای بە ئامانجە مەزنەکانی خۆی هەبوو و ژیانی چەند ڕۆژەی سەر دنیای نەکردە گەپجاڕی خۆهەڵکێشان و خۆ ڕانان. نیاز و پێداویستیی ئێمە بە تایبەت لە ئێستادا، ڕاستی و دڵپاکییە و بەس.

یادی هەموویان پیرۆز و ڕەوانیان شاد بێ.


* لەکۆتاییدا حەزدەکەن چی بڵێن ؟
حەزدەکەم هەندێ هەڵە ڕاست بکەمەوە چونکە مێژوو هەڵە قبوڵ ناکات . لە کتێبی ( تاریخ چەی مهاباد )ی ( سید محمد صمدی ) دا هەڵەیەکی گەورە کراوە ئەویش ئەوەیە : محەمەد شاپەسەندی نووسراوە لە نێو دامەزرێنەرانی ( ژ.ک ) دا ئەمە ڕاست نییە وەک باسم کرد دوای شەش مانگ لە دروست بوونی حیزب چوومە ریزیەوە ... بەڵام ( علی ریحانی ) لە بیر چووەکە لە ریزی دامەزرێنەراندابە ...

30 Apr 2006 مەهاباد – ١٠ی بانەمەڕی ١٣٨٥